# ئازادی بیرو ڕا و شمشێری تۆڵەی دەسەڵات

شاسوار ڕۆژبەیانی
2005/1/15

بەردەوام و هەمیشە ئەوچەمکەی لەکوردستان زۆری لە بارەوە دەوترێو بەشان و باڵی دا هەڵدەدرێت چە مکی ئازادی بیروڕاو چۆنێتی بیرکردنەوەو ڕوانینی جیاوازە , هەر وەك پەندە کە دەڵێت مرۆڤ لەچیدا کە مو کورتی هە بێت بێگو مان باسی ئەوە دە کات , بەو جۆرەش دەسە ڵاتی کوردی ئەو شتەی کە نیە تی و خۆی لە ئازادی دا دەبینێتەوە هە ردەم لە سە رزمانێتی و دەیەوێت قە ناعە تێکی وە همیمان لە بارەیەوە بۆدروست بکات .

بە درێژای ئەم چەند ساڵی ڕا بردوش دە یان نمو نەی بە رچاوو واقعیمان لە بەردەست دا یە لە پێشێل کاریە کانی ئازادی بیرو ڕا لە لا یە ن دە سە ڵاتی کوردیەوە .

دەسەڵاتی کو ردی هە رئەوە ندە ڕێگە بە ڕە خنە گرتن و دیدی جو دا لە خۆی دە دات کە هیچ مە ترسیو کاریگە ریە کی بۆسە ر بە رژە وە ندیە تە سکە کانی خۆی نە بێت , هە ر کاتیك ڕەخنەو ڕوانینی جیا واز گە یشتە ئەو ڕا دە یەی کە کاری کردە سەر مە سە لە جە وهەری و ستڕا تیژیە کان بە بە زا ندنی هێڵی سور ناو زە دی دە کە ن و ئامادە ن بە دەستی پۆ لا ین و بە هە ر ڕێگە یە ك بۆ یان بکرێت بە ر نگاری ببنەوە , لەم بوارە شدا دریخیان نە کردووە دە می دە یان ڕۆشنبیرو ڕۆژنامە نو سیان دادوریوەو سڵیان لە پاساو دا تاشینیش نە کردۆتەوە بە لکوجارێك بە بیا نوی پاراستنی ئاسا یشی نە تە وەیو جارێکی تر بە بیا نوی دە ست تیوەر دانی دە رە کی و هە ندیك پاساوی بێما ناوە ڕەنگ و ڕوا نینی جیاواز ئەو ڕە نگە ی کە دەیە وێت ڕوی ڕاستیە کان دەر بخات خە فە کراوە و هە ڕە شەی لێکراوەو چاوی لێسور کرا وە تەوەو سنوری بۆ دا نراوەو بە هە ر فۆرمێك کە بۆ دە سە ڵات دە ستی دا بێت دیوار لە بە ردە می دا هە ڵچنراوە.

بۆیە وای دادە نێم کارێکی سە رچلا نە و پرۆمیسوسانەیە گەر بتوانی ڕە خنە لە دەسە ڵاتی کوردی بگری هەروەك وتم ڕەخنە یەك بێت بیدات لە وە تە ریان یان بیدات لە بنی هە مبانە کە .

ئە مڕۆش کە ئە مە ریکا یە کان لە کو ردستان و عێراق بو نیان هە یەو کە مێك دە ر گاکە وا لاترە بۆدەر بڕینی نارە زای و گلەی و ڕە خنە کان دە سە ڵاتی کوردی جۆری سزا کەی ڕە نگە بە جۆرێکی تر گۆڕیبێت , ڕەنگە ئە مرۆدادگا کارتۆنیە کانی کوردستان کە بە قا نونی سە ردەمی ڕژێمی بە عس کاردەکەن کرا بیتە سە نگی مە حە ك و ڕۆژنامە نوس و ڕۆشنبیرانی بۆیە لکێش بکە ن؟

بە لام دە کرێت بپرسین کام دادگا ؟

ئا یا دادگا سە ربەخۆیە لە کوردستان ؟ ئا یا کوا نێ حوکمی یا ساو داد گا کانی کو ردستان؟

خۆ ئە گەر یا سا لێرە سە روەر بوایەو دادگای سە ر بە خۆ ڕۆڵی هە بوا یە ئەوەی دە بو ئەمرۆ لە قە فەسی تاوان باریدا بوەستایە کۆی بەر پرسە سیاسیو حکو میە کانی کوردستان بون نە ك خە ڵکی ئا زادی خوازو خاوەن ڕای جیاواز.

تۆ مارە کانی سە ر کوت کردنی ئا زادیە کان بە گشتیو ئازادیبیرو ڕاو ڕەخنە بە تا یبە تی ئەوە ندە زۆرن لام وایە ناتوانین لە دو توێی ئە م وتارە دا ئا ماژە بە هە مو یان بکە ین , بە لکو هەوڵدەدەین تە نیا باس لە سێ نمو نە بکە ین کە لە م دوا یانە دا ڕویان داوە و ڕە نگە تا هە نو کەش بە ردە وام بن .

یە کەم /گرتن و بێسەرو شوێن کردنی دکتۆر کە مال سە ید قادر دوای ئەوەی لە ڤیە نناوە گەڕایەوە بۆ کوردستان لەلایەن دەز گای پاراستن کە دەزگای سەر کوتی ئازادیە کانەو سەر بە پار تیە کە فرێنراوەو ئێستا لە شوێنێکی نادیارە ئەمە بێ ئەوەی بە بڕ یاری دادگا گیرا بێت یان هیچ تاوا نێکی کردبێت جگە لەوەی کە چەند وتارێکی لە سەر پارتی نوسیوە کە بە گەورەترین تاوان دادەنرێت لە لای دە سە ڵاتی کوردی .

دوەم /لە ماوەی ڕابردو پە خش کاری بابە تە کانی برای نوسەر کاك (ڕیبوار ئەمین ) کە ناوی (ڕز گار کەریم )ە لە کوردستان دەست گیر کراوە بە تۆ مە تی بلاو کردنەوەی وتارە کانی نوسەری ناو براو , دواتر ڕزگار بە کە فالەتی ئەوە لە زیندان ئازاد کرا کە نابێت لە مەو بە پاش هیچ و تارو بابەتێکی ڕەخنەی نوسەر بلاو بکاتەوە ئە مە جگە لەوەی ڕیبوار ئە مین کە دە سە ڵاتی کوردی ڕاوی ناوە بۆ تاراو گە چە ندین جار توشی لێپر سینەوەو زەبری دەسە ڵاتی کوردی بۆ تەوە لە سەر نوسینە ڕە خنە ئامیزە کانی .

سێیەم / هەر مانگ و نیوێك بەر لە ئە مڕۆ چە ند کەسێکی سەر بە (ی ن ك)لە شاری سلێمانی هە ڕە شە لە شاعیرو نوسەر (ئاسۆجە بار) دە کەن کە گوایە لە تە لە فزێۆنی حیزبیی زەحمەت کێشانەوە ڕەخنەی لەدەسە ڵاتی کوردی وپە ڕلە مان و حیزبە گەورە کان گرتووە

**هێرشی کردۆته سەر سەروەریە کانیان ئەم سێ نمو نە یەی سە رە وە  نمونەی هە رە نزیك و بەرجەستەی واقعی ئەمڕۆمانە  کە چۆن دەسە لاٌتی کوردی شمشیری تۆ لٌەی  گرتوە بەدەستەوە و ئامادەیەخوینی هە مو ئەوانە بکاتە کاسەوە  کەدەیانەوێت لەسنوری بیرکردنەوەو چوارچێوە فشەلٌۆ کە کانی دەر بچن .**

**کەواتە ئەوەی ئە مڕۆ لە کوردستان با س دە کرێت کە دیارە مە بە ستم دیمو کراسی و ئازادی بیر وڕایە  چیتر نیە جگە لە درۆیە کی شاخدار , ئە گەر نا دە سە لاٌتی کوردیش بستیك زیاتر لەولای حیزبی بە عسەوە نیە.**